# کاتێ سەفەر لە دە رگای بێ دەنگیم دەدا

**سەرهەنگ خامۆش**
Xamosh_s@hotmail.com



کاتێ سەفەر
لە دەرگای بێ دەنگیم دەدا
زەمەن باوەشی لە هەگبەی تەمەن دەگرێ
بۆ وولاتی زەرد پۆشەکانی دەبا..
زۆر درەنگە
بۆ تاکە چرپەیەکی ماچی هەتاو
بۆسەر کوڵمی پەرژینەکانی خاك
ئەزەل تراویلکەیەکی پڕ تامەزرۆیە
بۆ جەژنانەیەك
لەگەڵ زارۆکە چاوگەشەکانی
ژێر ترافیکلایتەکانی شارەکەم
کێ دەڵێ ئەوانە
لە کاروانی زەماوەندەکانی گوناه
جێ نەماون..!!
کەچی من هەگبەی سەفەرم بەتاڵە
لەژێر تونێلی وەنەوزەکانی ئەوین
چاوەڕوانی ئەوەم
چاو لە چۆلەکەیەکی
سەردالتێلەکانی شەقام دابگرم..
نا..من هەرگیز باوەڕناکەم

گوڵ لەچاوانی ووشکی خەزان بڕوێ

کەچی بەهار زەمانێکە

لەبەر دەرگای پاییز کەوتووە

ماچی سەوزی لێوی پەپولەکانیش

دەڕژێنە نێو

ئامێزی سووری گوڵەکان..

پێ دەچێ ئەم سپێدەیە

گزنگ دەستی شەماڵ نەگرێ

بۆ نێو باوەشی تەڵخی ئاسمانی ببا

لەچاوانی هەوریش ماوەیەکە

فرمێسک خۆی قەتیس داوە..

من دەمێکە چاوەڕوانی

پەنجە نەرمەکانی سەحەرم

بۆ ئەوەی قردێلەی پرچی شیعرێکم

لێ والاّ بکا

لەسەر مێزی خەیاڵی سپێدەیەکی ماتدا

پێکی ئەوین لەچاوەکانی خۆر بخۆمەوە..

ئاخر من دەسگیرانی

کەوەکانی بناری قەرەچوغ بووم

لاوە خوێن گەرمەکەی

ئەودیوی ئازارەکانی سەفەر بووم

ئێستاش بەدیار کەلاوە ڕووخاوەکەم

دۆش داماوم

وا خەریکە هەنسکێکی پڕ لە حەسرەت

دەبێتە میوانی شەوە تاریکەکانی  ژوان

بۆ باوەشی نیشتیمان و

نازدار حەیرانەکەی خۆم دەگریم..!!